کاک دلاوەری خۆشەویست :

ڕێژنەیەک ماچ و باران و منالّی ..

ئەم ئێوارەیە چوومە ماڵەوە ، قەرەباڵغ وەک ماڵەکانی مەلّکەندی ،خوشك و براکانم بە منالّەکانیانەوە هاتبوونەوە، دەنگی پەردەمێزی حەمامەکە دەهات ، هەندێك لە خوشك و براکانم خۆیان شۆردبوو، ڕەنگ و بۆی حەمامیان لێوە دەهات . کزە بایەکی سارد دەهات لە دەرەوە ، بەلاّم پێناچێت باران لە بەرنامەی ئاسمان و زستاندا بێت .. دایکم دەلّێت : "لەوە دەچێت لە شاخە دوورەکان بەفر باریبێت" .. ئەوانەمان کە تەلەبەن تەواو نیگەرانن و بێتاقەتن بە تەواوبوونی هەینی و هاتنی شەممە و ئیمتحانەکانی سەر کاغەز.

کاک دلاوەر دەمێکە بە نیازین (من و نەورۆز) نامە و فاکست بۆ بنێرین و قسەت لەگەلّ بکەین ، بەلاّم تۆ لە گشت کەس باشتر دەزانی چەندەمان مەشروع و بڕیاری دواخراو هەیە ، کە تەنها بیرکردنەوە لێیان بەسە بۆئەوەی دەست بکەین ڕۆتین و قەدەرەکان وادەیەکی ئەوتۆی بۆ دەهێنێتوینەتەوە .نازانم بۆ ئەمشەو لە هەموو کاتێکی تر باتر هەستم کرد پێویستە پەیوەندیکردن بە تۆوە لەمە درەنگتر نەکەوێت .

منیش بە قاچاخ و بە زنجیرەیەك موغامەراتی یەکجار نائاسایی توانیم بگەمە (ئەستەنبولّ)و زیاد لە یەك مانگ لەوێ بووم ،چەندین شووقەم گۆڕی بە هۆی (پۆلیس و قاچاخچی و ....)ەوە ،دوا جار ویستم (وەك زۆربەی خەلّك)بە ئاودا بگەمە یۆنان و تەنها چەند دەقیقەیەك بەر لە گەیشتنە (یەختەکە)زانیمان یەختەکە شکاوە و دواتر گیراین و پاش دە ڕۆژێك مەخفەرا و مەخفەرکردنی تورکیا و ئێران گەیشتینەوە سلێمانی . ئێستا سەرلەنوێ دەستم پێکردۆتەوە لە منظمةی *HelpAge* موتەرجیمی ئینگلیزیم و بەرنامەیەکی باشی خوێندنەوە و تەرجەمەکردنم دەستپێکردۆتەوە (ئەمە بە بێ ئەوەی خەونی گەیشتنە ئەورووپا لەلام خەفە بووبێت ) .

بە دلّ حەز دەکەم گوێم لە قسەکانت بێت ، نامەو فاکست بخوێنمەوە ..(مالّێك لە ئاسمان) کتێبێکی خنجیلانەی جوان دەرچوو ، مایەی خۆشیەکی گەورەشە کە ئەو کتێبە بە شێوەیەك لە شێوەکان (تۆ و نەورۆز و من و خەلیل)ی کۆکردەوە پێکەوە .

ئەم نیشتمانەش (وەك هەمیشە) بۆنی شەڕ و دەسیسەکانی لێوە دێت ، هەر جارەی لە گۆشەیەك و ئاراستەیەکی جیاوازەوە . بەردەوام ترسێکی گەورە هەیە لە هاتنەوەی ڕۆژگارە ڕەشترەکانی هەشتاکان ، لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوە عەبەسیانەی گەنجێتی ئێوەیان گەمارۆ دابوو . کابوسی مانەوە و خنکان لە یەك ژوور و گەڕەك و شاردا لێم نابێتەوە ..خەون بە ئاسمانێکی تر و شارێکی پڕ ڕەنگترەوە دەبینم ..

چاوەڕێی قسە و ووشە نوسراوەکانتم ..

(تەلەفون : 226635 *HelpAge*)

کەریم عومەر

سەرەتای کانونی یەکەم ٢٠٠٠